# گفتوگۆی ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت لەگەڵ زمناکۆ عزیز سەبارەت بە رەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان

**کوردستان ڕاپۆرت: بەڕای ئێوە ئەم دەستورە تا چەند توانیویەتی لەخۆیدا جێی تەواوی خواست و داواکانی خەڵکی کوردستان بکاتەوە؟**

زمناکۆ عزیز: من پێموایە نەیتوانیوە، چونکە سەرەتاییترین مافی خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە حەقی هەبێ بەرامبەر دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، بەرامبەر ئایندەی خۆی لە کوردستاندا، بڕیار بدات ئایندەی لە کوردستاندا چۆن بێت و پەیوەندی خۆی لەگەڵ عێراقدا یەکلا بکاتەوە، ئەم مافە لە دەستوردا سەراپا ژێر پێ خراوە. بە بۆچوونی من ئەمە دەبێ خاڵی ئەساسی و بنچینەیی هەر دەستورێك بێت کە هەر لایەنێك بیهێنێت و بیەوێ جێگیری بکات لە کوردستاندا، بەڵام کاتێ ئەم مافەت لە خەڵك سەندەوە کەواتە خەڵکت ئیجبار کردووە بەوەی کە لەناو عێراقدا و وەك بەشێك لێی بمێنێتەوە، خەڵك خۆی هیچ بڕیارێکی لەسەر ئەمە نەداوە. لەکاتێکدا لە 1991ەوە کوردستان جیایە لە عێراق بەمەش پەیوەندییەکی سیاسی، پەیوەندییەکی کۆمەلایەتی، ئابوریو تەنانەت فەرهەنگی لە کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە کە لە هەموو روویەکەوە جیاوازە لەو هەلومەرجانەی کە لە بەشەکانی تری عێراقدا هەیە. تۆ بێیت ئەم دو کۆمەڵگایە بەم هەموو جیاوازییەوە بکەیت بەناو یەکدا، ئۆتۆماتیکی توشی دەیان کێشە و گرفت و موشکیلاتی جۆراوجۆر دەبیت کە سبەینێ دوبارە یاخی بوونی تیا دروست دەبێتەوە.

سەرەنجام ئەمجارە بەپێی بەڵگەیەکی رەسمی خودی کوردستان کە دەستورە، هاولاتیانی کورد دەبنەوە بە پلە دو لە عێراقدا. بۆیە کاتێ ئەم دەستورە ئەو مافەی خەڵکی کوردستانی بە رەسمی نەناساندووە و نەیکردۆتە بنەمایەکی سەرەکی خۆی ئەوا دەبێ رەتبکرێتەوە، تا ئەو کاتەی کە مافێکی هاوشێوەی ئەمە، لەناو ئەم دەستورەدا جێگیر نەکرێت، یان هەر بەو نەسە بوترێ "خەڵکی کوردستان مافی ئەوەی هەیە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات لە ریفراندۆمێکدا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی" وەمیکانیزمەکانیو کاتی ئەنجامدانیو شێوازی پاراستنەکەیشی دیاری بکرێت.

**کوردستان ڕاپۆرت: ئێوە پێتانوایە کورد دەیەوێ لەرێگەی ئەم دەستورەوە ئەو مافە بەدەست بێنێت؟**

زمناکۆ عزیز: نەخێر بەپێچەوانەوە ئەمە شەرعیەتدانە بەو فیدرالیەتەی کە یەکێتی و پارتی بڕیاریان لێداوە و درێژەی ئەو سیناریۆیەشە کە ئەمریکا لەدوای روخانی رژێمەوە تا ئێستا بەدواوەیەتی. ئەمە تەکمیلەی ئەو پرۆسە دەستوریەیە کە سەرەتا لە عێراقدا دەستی پێکرد. شەرعیەت دەدا بەوەی کە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵە و کوردستان هەرێمێکی فیدراڵ، واتە لەسەر ئەساسی هەویەتێکی قەومی عێراقیان دابەشکردوەو ئەم هەرێمەیان بە رەسمی ناسیوە، کە سەرەنجام شەڕو پێکدادانی قەومی لەو ناوچانەدا دەکەوێتەوە کە جێگای کێشەن لەناو نەتەوەکاندا. بەهۆی سەپاندنی فیدرالییەوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا ئەو شەڕە تائیفیە ئێستای عێراق ئەبێتە شەڕی قەومیو دەگوازرێتەوە بۆ کوردسان، هەر ئێستا سەرەتاکانی ئەو شەڕە قەومیە لە موصڵ و کەرکوك دەرکەوتوون. کە شۆڤێنیزمێکی عەرەبی ئیسلامی تازە شکلگرتوو لە ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراقدا لەپشت خۆشکردنی ئەم جەنگەوەیە، سەرەنجام خەڵکی کوردستان پەلکێش دەکرێت بۆ شەڕێك کە شەڕی ئەو نییە.

**کوردستان ڕاپۆرت: بەڵام ئەو بڕیارە پەڕلەمان داویەتی و پەڕلەمانیش خەڵك هەڵیبژاردووە بەقسەکانی تۆ بێت پەڕلەمان شەرعی نییە؟**

زمناکۆ عزیز: ئەم پەرلەمانە کە دروست بوو خۆیان دەیانوت کە نوێنەری خەڵکی کوردستان نییە، بەڵکو نوێنەری حیزبەکانە و خەڵك دەنگی داوە بە لیستەکان و ئەندامەکانیشی نوێنەرایەتی حیزبەکان دەکەن لە پەڕلەمان نەك نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان. ئەگەر لایەنێك ئازادانە بیویستایە بەشداری پەڕلەمان بکات ئەوا بە جۆرەها شێوە دژایەتی دەکرا، کەناڵی راگەیاندی لێ دائەخرا ئازادی لێدەگیرا. هەموو ئەو فرسەتانە کە دەبوو کەسانی سەربەخۆش بەشداریان بکردایە پێیان نەدرا، سەرەنجام ئەو پەڕلەمانە دروست بوو کە ئەندامەکانی لەکاتی کۆبونەوەکاندا خەویان لێکەوتووە یا هەندێکیان لە باسی جدی دا کە پەیوەندی بە ژیان و چارەنوسی خەڵکەوە هەیە، خەریکی یاری مۆبایل و مەسج بۆ یەکتری دەنێرن، پەڕلەمان ناوەندێکە بۆ پیادەکردنی بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی، دوای ئەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی پرۆژەیەك تاوتوێ دەکەن و یەکلایی دەکەنەوە و وەك هێلکەی پاکراو دەیخەنە بەردەستی پەڕلەمان ئەویش تەنیا شەرعیەت دەدات بەو کردەوانە، واتە پەڕلەمان دەبێتە شوێنی شەرعیەتدان بە کردەوە و پرۆژەکانی یەکێتی و پارتی، تا ئێستا هیچ گۆڕانێکی سیاسی یان ئابوری یان کۆمەلایەتی نەهاتۆتە ئاراوە کە پەڕلەمان خستبێتیە روو. بۆیە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە نیەو باسێکی جیاوازە، لێرە پێویستە ئیستفتایەك لە کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی کە لەچوارچێوەی عێراقدا بژین یا لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە، ئێمە ئەوە بەقازانجی خەڵکی کوردستان دەزانین. لە وڵاتاندا کاتێك ئیستفتا دەکرێت لەسەر مەسەلەیەك پەڕلەمانیش هەیە، بەڵام ئەو ڕاپرسیە هەر ئەنجام ئەدرێت. بۆ نمونە لە سوید کاتێك ئیستفتا دەکرێت لەسەر مەسەلەی دراوی یۆرۆ خۆ پەڕلەمان هەیە و دامەزراوەی مەدەنی پێشکەوتووش هەن، بەڵام پەڕلەمان حەقی ئەوەی نییە بەناوی هەموو خەڵکی ئەو وڵاتەوە بڕیار بدات لەمەسەلەیەکی حەساسدا. هەربۆیە ڕیفراندۆم ئەکرێت، بەهەمان شێوە لەئەلمانیاو

هۆڵەندا لەسەر دەستوری ئەوروپای یەکگرتو هەمان پرۆسە ئەنجام درا، لە کۆمەڵێك مەسەلەی حەساسدا پەرلەمانی هەڵبژێردراو و ڕاستەقینەش بۆی نییە بەناوی خەڵکەوە بڕیاربدات.

**کوردستان ڕاپۆرت: ئێوە دەستورەکە ڕەتدەکەنەوە یا سەرنجتان لەسەری هەیە؟**

زمناکۆ عزیز: ئێمە دستورەکە بەم شێوازەی ئێستای کەهەیە ڕەتیدەکەینەوە، چونکە بەرهەمی خەباتی خەڵك نەبووەو دەورو بەشداری خەڵکی تیا نەبوە لەکاتی ووتووێژەکانیدا، سیمنارو مێزگردو بانگکردنی لایەنە سیاسیەکانو خەڵکی پسپۆڕ لەوبوارەدا رووی نەداوەو لەمبارەیەوە هیچ نەکراوە، لیژنەیەك هەستاون بەم کارە کە شەرعیەتیان نیە. هەروەها خاڵێکی تر ئەوەیە کە مافی خەڵکی کوردستانی لە جیابونەوە لەعێراق بەڕەسمی نەناساندوە، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە دینی ئیسلامی کردووە بەسەرچاوەیەکی سەرەکی ئەو دەستورە، بەم پێیەش هەموو ئەو بەندو ماددانەی کە باس لەئازادی و مافی یەکسانی ئافرەتان و مافە مەدەنیو کۆمەڵایەتیەکان دەکات، لەژێر یاسای ئیسلامدا ون دەبن و دەچنە ژێر پێوە.

**کوردستان ڕاپۆرت: باشە، بەڵام ئیسلامیەکانیش گلەییان هەیە لەوەی کە دەستورەکە حەقی تەواوی بەو ئایینە نەداوە؟**

زمناکۆ عزیز: ئیسلامیەکان هەتا بۆیان بکرێ دەیانەوێ ئیسلامیترو کۆنەپەرستتری بکەن. بەڵام ئێمە بەپێچەوانەوە ئەمانەوێ پێشکەوتووترو ئینسانیتری بکەین، ڕێز لەئیرادەو ویستی خەڵك بگرێت. پێویستە ئیسلام نەبێتە سەرچاوەی دەستور بەڵکو ئەبێت دەستور عیلمانی بێتو دین لەدەوڵەت جیابکرێتەوە، دین لە پەروەردە و دەزگاکان جیابکرێتەوە، ئەمە بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵکە.

**کوردستان ڕاپۆرت: زۆرینەی خەڵك ڕەنگە لەکوردستان ئەمەیان پێباش بێت؟**

زمناکۆ عزیز: من پێم وانیە ئەمە ڕای زۆرینەی خەڵك بێت، ئێمە دەڵێین با دین لە دەوڵەت جیا بێت ئەمە مانای ئەوە نییە کە داوای داخستنی دەرگای مزگەوت و کەنیسەکان بکەین و کەس نابێت دینداری بکات و تەقسەکانی خۆی بکات. مەسەلەی زۆرینەو کەمینە لەم مەسەلەیەدا پێوەرێکی هەڵەو خەتەرناکیشە، ڕژێمی بەعسیش بەم پێوەری زۆرینەو کەمینەیە دەوڵەتی شوڤێنی بەعسی دامەزراندو بەدرێژایی 35ساڵ خەڵکی کەمینەی کوردزمانی قەتڵو عام کرد.

**کوردستان ڕاپۆرت: ئێوە داواو پێشنیارتان چییە بۆ ئەم دەستورە؟**

زمناکۆ عزیز: ئەگەر دین لەدەوڵەت جیانەکرێتەوە، مافی خەڵکی کوردستان بۆ جیابونەوە لەعێراق بەرەسمی نەناسرێ لەم دەستورەدا ئەوا پێویستە ڕەفزبکرێتەوە و خەڵکی کوردستان لەبەرامبەریدا بوەستنەوە. چونکە بەڵاو موسیبەت دێنێ بەسەر خەڵکی کوردستاندا. هەر لە ئێستاوە خەریکە شۆڤێنیزمی کوردی دروست دەکەن بەوەی کە وا لە تورکمانەکان و کلدو ئاشوورییەکان دەکەن هەرێمیان هەبێو داوایەکی لەوچەشنە بەرز بکەنەوە، ئەمەش هاوشێوەی کردەوەکانی بەعس دروست دەکات بەرامبەر بەخەڵکی غەیرە کوردزمان. بۆیە ئەم دەستورە نابێت بەم شێوەیە بێت و دەبێ ئاڵوگۆڕی جدی تیا بکرێت.

**کوردستان ڕاپۆرت: بەڵام ئەو مەسەلانەی تۆ باسیان دەکەی بەر لەبونی دەستوریش هەر هەبوون، چونکە ئەوانە ئەو لایەنانەن کە تەنانەت فیدرالیەتی کوردستانیشیان قبوڵ نییە؟**

زمناکۆ عزیز: منیش ئەڵێم ڕاستە کە شۆڤێنیزمی عەرەبی دژی مافەکانی تۆیە لەمێژوودا هەمیشە ویستویەتی تۆ بەپلە دوو لەقەڵەم بدات، هەمیشە ویستویەتی لەناوت بەرێ، هەمیشە ویستویەتی بێدەنگت بکات، هەمیشە ویستویەتی خێرو بێری وڵاتەکەت بەرێت بۆ خۆی، و بێ بەشت بکات لەهەموو داهات و ئیمکانیەتێك کە لێرە هەیە. بەڵام ئەم دەستورە، شەرعیەت دەدات بە نیازەکانی دوژمنان و ڕەسمیەتی پێدەبەخشێت. ئەم قبوڵکردنەی دەستور بەم شێوازو ناوەڕۆکەی ئێستایەوە، ئەو مافەت لێ دەسەنێتەوە کە خۆت بڕیار لەسەر ئایندەی کوردستان بدەیتو پێت ئەڵێ ئەبێت لەچوارچێوەی عێراقدا بیت، عێراق لە پێناسەکەیدا نوسراوە دەوڵەتێکی عەرەبییە، کاتێ کە عێراق دەوڵەتێکی عەرەبی بوو مانای وایە عەرەب زمانەکان باڵادەستن، هاوڵاتی پلەیەك عەرەبەو ئۆتۆماتیکیش قەومیەتەکانی ترو کەمایەتیەکانی تر دەبنە هاوڵاتی پلەدوو پلەسێ. ئەم دەستورە نەیتوانیوە ڕووبەڕوی ئەمە بێتەوە، بەڵکو شەرعیەت و ڕەسمیەتی پێداوە. بەڵام ئێستا ئەم دەرفەتە هەیە کە خەڵك خۆی بێتو قسە بکات. ئەو کارەی کە دەستوری هەمیشەیی عێراق بۆی نەکراوە نابێت دەستوری هەرێم بۆی تەواو بکات. خەڵکی دەبێ بێت قسەبکات و بڵێ نامانەوێ جارێکی تر شەڕی کورد و عەرەب بکەینەوە، لەقازانجی ئێمە نیە و لە بەرژەوەندیماندا نییە. نامانەوێ بببینەوە بەهاوڵاتی پلە دوو، نابێت مافو بەرژەوەندیەکانمان لەبەندوبەستی هێزەکاندا وون بێێت.

**کوردستان ڕاپۆرت: بەڵام لە ئێستادا گەر ڕاپرسییەك لەسەر جیابونەوەی هەرێمی کوردستان بکرێت پێت وانییە کەموکورتی تێدا بێ لەکاتێکدا تۆ هێشتا سنوری هەرێمت دیاری کراو نییە. بۆنمونە کەرکوك چی لێ دەکەیت؟**

زمناکۆ عزیز: مەسەلەی سنوری هەرێم جوزئیاتی مەسەلەکەیە، جارێ وەرە بلێ ڕیفراندۆم مافی خەڵکەو ئەتوانن لەو مافە بەهرەمەندبن، ئەوسا ئەوانی بە ڕەسمی چوارچێوە گشتییەکەی ئەم مەسەلەیە بۆ خەڵك بناسێنیت، ئەوکاتە جوزئیاتەکانیشی بە تەسەوری من لەکاتی خۆیدا ئەکرێ قسەیان لەسەر بکرێ، بەرلەوەی بەعس بڕوخێ سنورێك هەبووە پێیان وتووە هەرێمی کوردستان، مەبەستم خەتی (36)ە کە ئەمەریکا پاراستویەتی ئەمە لەژێر دەسەلاتی یەکێتی و پارتیدا بووە، جارێ من لەو سنورە ڕیفراندۆم ئەکەم.

**کوردستان ڕاپۆرت: یەعنی ئەم سێ پارێزگایە ڕاپرسیان بۆ بکرێت؟**

زمناکۆ عزیز: تۆ وەرە ڕاپرسی بۆ ئەم هەرێمە بکەو جیای بکەرەوە، ئەوکاتە ئەتوانی بلێ حکومەتێکی سەربەخۆو ئینسانیم دامەزراندووە کە لەسەر ئەساسی هاولاتی یەکسان مامەڵە لەگەڵ هاولاتیانی خۆی دەکات. بەخەڵکی کەرکوكو ناوچەکانیتریش بلێ لەپاڵ ئەمەشدا حکومەتێکی مەرکەزیت هەیە لە بەغدا بەشمشێر و چەقۆ بەربونەتە گیانی یەکتری، لە خەڵکی کەرکوك بە کوردو عەرەب و تورکمانتەوە بپرسە، تۆش مافی ریفراندۆمت هەیە، ئایا دەتەوێ ببیتە بەشێك لەو حکومەتە دواکەوتووەی عێراق کە ڕۆژانە قەتڵ و عام و کوشتن و بڕینی کردۆتە بەشێك لە ژیانی هاولاتیانی، یان دەتەوێت ببیتە بەشێك لە حکومەتی تازە دامەزراوی کوردستان کە تێیدا وەك هاولاتی یەکسان ئەژیت؟ ئەتەوێ سود لە داهاتی ولاتەکەی خۆت وەرگری؟ کە شەڕو کوشتاری قەومی لەسەرت لائەچێ. ئەگەر حکومەتێکی مۆدێرنت هەبێ لە کوردستان خەڵك دەنگ دەدات کە ببێتە بەشێك لە حکومەتەکەی تۆ.

ئێستە فرسەتێك هاتۆتە پێشەوە ئیدی ئەم فرسەتە یەکێتی و پارتی دروستیان کردووە یان سیناریۆکەی ئەمەریکا، هەموو ئەمانە دەرگای ئەوەی کردۆتەوە کە خەڵکی کوردستان بێت لەسەر چارەنوسی خۆی قسەبکات. قسەکە لەسەر خودی دەستورەکە نییە قسە لەسەر ئەوەیە کە فرسەتێك هاتۆتە پێشەوە تۆ بڕیار لەسەر ئایندەی خۆت بدەیت و سەرەنجام جوگرافیایەکی سەربەخۆت هەبێت، ئەو کاتە دێین لەسەر پێکهاتە جوگرافیەکەی خۆمان قسەدەکەین. حکومەتەکەمان ئیسلامی بێت یان عیلمانی، مۆدێرن بێت یان کۆنە پەرست، ئەو کاتە ئەتوانین لەسەر ئەمانە قسەبکەین بەلام جارێ با ستەمی قەومی لەسەر خۆمان لابەرین ئەو کاتە ئاسانتردەبێ. بەلام گەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئەوا خەتەری هەیە بۆ سەر ئەمنیەتی خەڵکی کوردستان و ئەو ڕەوشەی لە بەغداو موسڵ و کەرکوك هەیە تەحویل دەبێت بۆ ئێرەش.

**کوردستان ڕاپۆرت: بەلام بۆ ئەم دەستورە داوا کراوە لە هەر کەسێك کە پێشنیاری هەبێت ئەوان وەری دەگرن؟**

زمناکۆ عزیز: من نازانم چ ئالیەتێك هەیە بۆ گۆڕینی، ئێمە وەك حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەدیلمان هەیە بۆ ئەو دەستورە کە چوارچێوەیەکی گشتییە.

**کوردستان ڕاپۆرت: یەعنی ئێوە پێتان وایە ئەم دەستورە بواری تەعدیلکردنیشی تیدانییە، بۆیە بەدیلتان هەیە؟**

زمناکۆ عزیز: من قسەکانم ڕۆشنە ئەگەر کۆمەڵێ مافی سەرەکی خەڵکی کوردستان هەیە تیایدا نەسەلمێ و نەبنە خاڵی سەرەکی ئەم دەستورە ئەوا ئەم دەستورە هیچ قابیلی تەعدیل نییە.